دلێر عەبدولقادرو ئەژدەر وەهبی لەسەر شەونم و شیلان پێك نایێن

ڕەوەنـد حـاجی/ دوای ئـەوەی هونەرمەنـدی دووره ولاّت ئـەژدەر وەهبی ئـەلبومێکی تـازەی بـە نـاوی (لـێم ببـووره) بلاّوکـردەوە لـە هەمانکاتیش لەم ئەلبومە بەرهـەمی شەونمو شیلان کە تائێـستا نـەزانراوە ئـاوازی ئـەم بەرهەمـە هـی کـام هونەرمەندە لە نێوان گۆرانیبێژ (دلێر و ئەژدەر)دا.

لە لێدوانێکی تایبەت بـە (دەنگی مـەخموور) گۆرانیبێـژ (دلێـر عەبـدولقادر) رایگەیانـد "مـن بەرهەمی شەونم و شیلانم لـە سـاڵی ١٩٩٧ تۆمـار کـرد کـە تێکـستی تەلعـەت سـەربیری و ئـاوازی خۆمـەو ئامـادەکردنی میوزیـك ژەنـی خوالێخۆشـبوو (عەبـدولخالق ئەحمـەد)ەو بـە هاوکـاری میوزیـك ژەنـان (عـەلی مـەعروف و ئـازاد خـەیلانی) ئەنجامـدراوکاری دەنگیش لە تۆمارگای ناز کە ئەوکات ستۆدیۆ نەبوو، بۆیە ئێستا ئـەم بەرهەمـە بـە دەستکارییەوە لـە لایـەن گۆرانیبێـژ (ئـەژدەر وەهبـی) وتـراوە و پرسـم بەمن نەکردوە من ئەو کاسێتەم لـ ئەرشیف پارێزراوە لای خۆم، هەر ئـە بەرهەمـە لەلایـەن تەلـەفزیۆنی (گولاّن) ئەوکاتە کلیپـی بـۆ کـرا لـ لایـەن دەرهێنـەر (ژیلـوان تـاهیر) دواتر گەرمیانی ئەوەشی گوت "مـ لێرەوە دەڵێم دەبوایە ئامـاژەی بـە ئاوازە بکردبوایە کـە هـی منـە یـا ئاگاداری بکردبـام لـە دەسـت کـار; کردنـی ئـاوازی بەرهـەمی (شـەونم شـیلان)، چـونکە لەئەلبومەکـە; نوسیوە ئـاوازی (ئـانۆنێم و ئـەژدەر بـەس لـە بنەڕەتـدا ئـاوازی خۆمـە و دەتوانم بە کاسێت بیخەمـە روو کـە هـی منـە ئاوازەکـەش ئـەژدەر بردوویەتی و دەستکاری کـردووە مـن ئەو کەسە ناشناسم کـە ئـاوازی مـن دەست کاری دەکـات نـازانم کـێ یـە بـەس ئەگـەر هـەر هـاتوو دانـی بـەو ئاوازەی بەرهەمی (شـەونم و شـیلان) دانەنێ ناچارم رێگای یاسایی بگرمـە بـەر ئینجـا نیـشانی هـەموو لایـەك دەدەم کە ئاوازی هی کامەمانە".

بـۆ زیـاتر قـسەکردن لـە بـارەی ئاوازی بەرهەمی شەونمو شـیلان کـە ئـاوازی کامەیانـە، (ئـەژدەر وەهبـی) لە پەیوەنـدێکی تەلـەفۆنی رایگەیانـد "ئەم بەرهەمەی (شەونمو شیلان) لـە بنەڕەتـدا هـی ناوچـەی هەورامانـە و بەس لە سـەر کەڤـەری ئەلبومەکـەم نووسیومە (ئانۆنێمو ئەژدەر) کـە لـە سـاڵی شەسـتەکانەوە لـەم ناوچـەی هەورامان وتراوە بە شـێوازی چـەپڵەو بـە شـایەدی هونەرمەنـد (عـادل هـەورامی)ەوە ئـەو کەسـەش دەڵێـت ئـاوازی منـە جـارێ مـن ئـەو کەسـە ناشناسـم و داوای لێبـووردن دەکەم".

دلێرعەبدولقادر

ئەژدەر وەهبی

عەزیز وەیسی:

ئەگەر کەسێك بەردێکم تێبگرێ منیش وەك دار سێوەکە سێویان بۆ فرێ دەدەم

فەرمان محەممەد

"ئەگەر کەسێك ناوی دەرکردو بـەناوبانگ بـوو دەبێـت چـاوەڕێی ئەوە بێ کەسانێك دەبن رەخنـەی لێ دەگرنوڕقیـان لێـی دەبێتـەوە بـەڵام دەبـێ هـەموو کاتێـك هونەرمەنـد دڵـی فـراوان بێـت" ئەمە وەڵامی هونەرمەند (عـەزیز وەیـسی) بـوو لەبەرامبـەر ئـەو رەخنانـەی کەماوەیەکـە لێـرەو لەوێ ئاراستەی هونەرمەنـد دەکـرێن. لە دیمانەیەکی تایبەتی گۆڤاری گولاّن هونەرمەنـد (عـەزیز وەیـسی) سـەبارەت بـەوەی ئێستا لـە هەنـدێ سایت رەخنـەیان لێ گرتـووە دەڵێـت من لەسایتەکان وەڵامم دانەوە ئەگەر کەسێك بەردێکم تێبگرێ منیش وەك دار سێوەکە سێویان بۆ فرێ دەدەم.

هـەروەها لـەوەڵامی پرسـیارێکی تـردا ئـاخۆ ئـەو رەخنانـەی کـە لـە عەزیز وەیسی دەگیرێت دەبنـە رێگـر لەبەردەم هونەری کوردی ئـەو گـوتی: بابنوسن خەڵك بڕیار دەدات کە ئێمە هونەرمەندین یان نا، هەنـدێ کەسـی کلیپەکـەی دێـت خـەڵك گـوێی لێ دەگرێتو هەشیانە گوێی لێ نـاگیرێ جـەماوەر خـۆی بریـار لـە باشـیو خراپـی هونەرمەنـد ئـەدات ئیمـەش رێزمـان هەیـە بـۆ ئەوانـەی رقیـان لێمانە چاویان ماچ دەکەم.

دواتـر عـەزیز وەیـسی لەسـەر جـەماوەری خـۆی دەڵێـت: ئەگـەر ئەوانە بێنە ئاهەنگەکانم ببیـنن ئـیتر خۆیـان بڕیـار دەدەن مـن جـەماوەرم هەیە لە منداڵو گەنجو پیرو گـۆرانی بۆ هەمویان دەڵێم.

لەکۆتاییدا عەزیز وەیسی لـەبارەی پـرۆژەی نـوێی گـوتی: دە رۆژ پـێش نـەورۆز دوو سـیدیم بـلاّو دەبێتـەوە لەسـەنتەری ئـارۆ یـەکێکیان بـەناوی دیلانە ئەوی تریان نـاوی سـروەیە کـە ناوی کچەکەی خۆمە هەردووکیان لە یەك کاتدا بلاّو دەبنەوە.

تەنیا ئیدریس سێ ئەلبووم بلاّودەکاتەوە

دەنگی مەخموور

تـەنیا ئیـدریس یەکێکـە لـەو گۆرانیبێژە دەنگ خۆشانەی کـە دەتـوانین بلـێین بەرهـەمو گۆرانییەکانی بۆ سەرجەم چینو تویژەکان دەگـونجێو سـەردەڕای گـۆرانی گـوتن زۆرجـار لاوکو حەیرانیش دەچرێ.

لـە لێـدوانێکی تایبەتـدا هونەرمەنـد تـەنیا ئیـدریس رایگەیانـد "لەگەڕانـەوەی ئـەم جارەمـدا بـۆ کوردسـتان، (٢٤) گۆرانییم تۆمارکردووەو بـەنیازم لـە (٣) ئەلبومـدا بـلاّوی بکەمـەوە، هـەروەها سـیدیەکی حەیرانو لاوکم ئامادەکردووە".

هونەرمەندی گۆرانیبێژ تـەنیا ئیـدریس ئەوەشـی گـوت "دوای مانەوەم بۆ ماوەی چەند مانگێك لـە چەند وڵاتێکی ئەوروپا، تـوانییم چـەند ئاهەنگێك لە چەند وڵاتێك سـازبکەم، لـەم چـەند رۆژەدا گەڕامـەوە کوردستان".

هونەرمەنـد لـە بەشـێکی دیکـەی لێدوانەکـەی دا گوتیـشی "لـەو سـەردانەم بـۆ ئـەوروپا تـوانیم کـاری تۆمـارکردنو ئامادەکـاری گۆرانییـەکانم تـەواو بکـەم، کـە بەشێوازێکی چاك بەرهەمم هێنـاوە".

تـەنیا دەربـارەی نـاوەرۆکی گۆرانییـەکانی وتـی "ژمـارەی گۆرانییـەکانم کـە تۆمـارم کـردوون، پێکهـاتوون لـە (٢٤) گـۆرانی، کـە بـەنیازم لـە سـێ ئەلبومـدا بـلاّوی بکەمەوە، هـەروەها سـیدیەکی لاوکو حەیرانم تۆمارکردووە بـەنیازم بـلاّوی بکەمـەوە، هـەروەها بـەنیازم کـاری کلیـپ بـۆ چـەند گۆرانییـەك ئـەنجام بدەم".

لـەکۆتایی لێدوانەکـەی دا تـەنیا ئیـدریس گـوتی "ئێـستاکە بـەنیازم لەگەڵ کۆمپانیایـەك گفتوگـۆ بکـەم، بۆ ئەوەی بە شـێوازێکی چاك بـلاّوی بکەمـەوە لـە نـاوەوەو دەرەوەی کوردستان".

مەخموور لەماڵپەرەکانی ئینتەرنێتدا

ئا/ ساکار

مـەخموور لـە زۆر رووەوە فەرامۆشـکراوە، بـواری ئینتەرنێتیش یەکێکە لـەو بوارانـەی کـە ئـەمڕۆ دونیـا پێیەوە سەرقاڵە، بەڵام بەداخەوە شارۆچکەی مەخموور لەو بوارەدا کەمتر گرنگی پێدراوە ئـەو ماڵپـەرو وییلاگانـەی تایبەت بەو شارە بە پەنچەی دەست دەژمێـردرێن لێـرەدا بەپێویستی دەزانین کەوا ناوی ئەو ماڵپەرو وییلاگانـەتان بۆ بڵاوبکەینەوە کە تایبەتن بەشـاری مـەخموور یـاخود بایەتی جۆراوجۆریان لەسەر ئەوشارە تێدایـە، داواکـارین لەهەموو ئەوانەی کە توانـاو شـارەزاییان لـەبواری نێـت هەیە ئەوا گرنگی بەو لایەنە بـدەن و ماڵپـەری جـوانو بەسوود دروست بکەن.

www.mexmurpress.com
www.bdaranyshaw.net
www.azadiqerechux.kurdblogger.com
www.piano-makhmury.com
www.palany.kurdblogger.com
www.mexmur.sabahmajid.com
www.qerechux.kurdblogger.com

وێنەی عامووديێك لەناو شەقامێکی دییەکە...
تۆ بڵێیت کامەیان سەربێجی کردبێت

واڵا

خەلیل پلاّنی

ماددەی سەدو هەندێك چی بەسەرهات؟

لەوەتـەی بڕیـاری قەرەبووکردنـەوەی ئاوارەکـان دەرچووە تـا ئێـستا کـەمترین پـشك بەر ئاوارەکانی مـەخموور کـەوتووە، بەبـەراورد لەگـەڵ ئاوارەکـانی شـەنگالو کـەرکووکو خانـەقینو ناوچەکانی تر.

لەلایـەکی تـر خـەڵکی ئـەو گوندانـەی کـە لەسـاڵی ١٩٨٧ تیکـدرانو ئـاوارەی مـەخموورو قـەراجو ناوچـەکانی تـر کـرانو بـەهۆی ئـەوەی پـسوولەی خۆراکیان لەسـەر موسـڵە بێبەشـکران لـە قەرەبووکردنـەوەو تائێـستاش ئـەم گوندانە هەر بـە کـاولی ماونەتـەوەو خەڵکەکەی نەگەڕاوەتەوەو بۆشیان نیـە رێپێـوانێکی هێمنانـە ئـەنجام بـدەنو داوای مـافی خۆیـان بکـەن نەبادا ئەمجارەیان "زمانیان لـە بنـا گوێ دەربهێنرێ" بـەلام کـاتێ وادەی هەڵبژاردنیش دێت بۆ دەنگێـك (بـە زمـان بنـا گـوێی ئـەو خەڵکـە دەلێـسرێتەوە)و لەگـەڵ ئەوەشـدا دەنگ نادەن.

ئەگەرچـی جـاری رابـردوو خـەڵکێك چـەکی قـەرەبووی وەرگرتـەوە بـە هیـوای ئـەوەی بـۆی خـەرج بکرێـت لێ ژمارەیـەکی زۆریش کە ئێستا چەکەکانیا کاتی دیـاریکراوی بەسەرچـووەو تائێـستا پـارە نیـە لـە بانکـەکان بتـوانێ خەرجی بکات.

ئەمجارەشیان بەر لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دووهـەزارو سیو دوو ناوی تری نـوێو زیـاتر لـە سـێ هـەزار نـاوی تـریش کـە کـەموکوڕی لـە مامەڵەکـەیان هەیـە گەڕایـەوەو زیـاتر لـە پـانزە رۆژە بەسـەر گەڕانـەوەی ناوەکـان تێپـەڕیوەو تائێـستا کـەس نـازانێ داخـۆ کـەی ئـەو چـەکانەیان پـێ دەدرێتـەوەو ئەگـەر پێـشیاندراوە کەی بانکەکان بۆیان خـەرج دەکـەن کە هێشتا هەنـدێ لەوانـەی جاریتر ناویـان گـەڕابۆوە چـەکەکانیان لـە گیرفانەو خەرج نەکراوە.

ئەوەی لە هەمووی ناخۆشترو بـێ مانـا تـرە، جگـە لـەو ناوانـەی کـە گەڕاونەتەوە کەسی تر لە ئاوارەکان چارەنووسـی مامەڵەکـەی خـۆی نازانێو نازانێ کە ئایا رەزامەنـدی دراوە لەسـەر قەرەبووکردنـەوەیو ئایـا نـاوی کـەی دێتـەوەو لـە چ وەجبـەو لـە چ قۆناغێکـە، بۆیـە خەڵکەکـە بـە چـاوەڕوانییـەکی بـێ ئومێـدەوە، ژیـان دەگـوزەرێنێو تـا رۆژێـك دادێو پێـی دەوتـری نـاوت هاتۆتەوە یا بەداخەوە ئـەم جارەش نـاوی تـۆی تیـادا نیـە، نـەخوازەڵلاّ ئـەوەی پاڵەپەسـتۆی خـوێنی هەڵدەسـتێو گیـان لەدەسـتدەدات و ئـەوەی زەردویـی بـەرز دەبێتـەوەو تووشـی نووسـتن لـە نەخۆشـخانە دەبـێ، بۆیـە گرنگـە وەزارەتـی کاروبـاری ناوچـەکانی دەرەوەی هـەرێم چـاوێك بـەم لایەنـەدا بخـشێنێتەوەو هـەوڵ بـدات نـاوی تەواوی ئەو کەسانەی قەرەبووەکـە دەیانگرێتـەوە بـە دیـاریکردنی وەجبەو قۆناغەکانیان رابگەیـەنرێ بۆ ئەوەی خەڵك لە چـاوەڕوانییەکی نادیاردا تووشـی جۆرەهـا نـەخۆشـی دەروونی نەبێت.